زەمەن

ئەحمەدەشتی

لە هەیبەتی زەمەن ئەمن
هەرگیز نەترساوم
هەر چەند کەوا
لە وساوەی هەم
ڕۆژگارانی ژیانی من
گەردەلولی مەرگاوەر و
پڕ ئازاری بریناتی پێوە دیارە
لەو دەمەی من هەم
لە گولخەنی ژین دەسوتێم
هەرچەند کەوا هاوار دەکەم
لە خەرەندی زامەکان و
نەهامەتیم دەرناکەوم
نە ئارەزووم وەدی هاتن
نەنەورەسی بەختەوەریمووەدی کردن
هەرچیم کەدی بۆ منی کورده
لەو ئاسۆیە تارو دوونەم
جەفاوڕەنج وتێك شکان و ئاوارەیی و
هەر زەمەنی پڕ گریان بوو
لە هەواری ژیانێکی پڕی شادی
چی لوتکەیە لێیان گرتم
لە وەلاتی ئەوینی خۆم
چی ئاوات و خەونی منە
دەڕەوێننەوە و وەدی نایەت
پەلە هەورە پڕ نەحسەکان

گریان و شین دەبارێنن
لە گشت وەرزی ژیانی من
هەروا خەمە
ئاسمانانم تەی دەکەن و
باهارانی شادی ژینم تێك دەشکێنن
چی ئاقاری شار و دەری
ئەو وەلاتە خوێناویەم و
دڵی منی بێ هەتوانە
سەیر بکەن خنکێندراوە
ڕۆژێ نیە مەرگ نێتن
مەرزەکانی ژیان نەگرێت
هەر بە فیتەی دوژمنانم
سەدان هەزار گولی لاوی
کوردەواری و قارەمانم
زۆر بە ناهەق نەوەرێتن
هەتا کەینێ خاکی جوان و
گەلی کوردی بێ بەشی من
هەر گرین و ئازاری بێ
هەتا کەینێ نەیارانی وەلاتی من
هەر وا فیتەی سمێڵیان بێ
ئێمەی کوردی وا کلۆل و وا بێ نەوا
تێ نەگەین و دژ بە یەك بین
یەکتر بکوژین بۆ دوژمنان
هۆرەی داری ئازادی بین
بەسیە بەسیە با تێ بگەین
چیتر براو کەسانی خۆ
بۆ نەیاران لەناو نەبەین

کێ بە دەست و هەست خائینە
وەرن وێکران نەفرینی کەین
تف لە بوون و ڕووڕەشانی
ناو دیرۆکی خۆیی بکەین
چیتر دژی یەکتر نەبین
ئەوسا ئێمەش دەحەسێینەوە
کۆنە زامی سەر جەستەی کورد
بۆ هەمیشەهەتوان دەکەین
چی دوژمنە لە سەر خاکی کوردستانمان
بۆ هەمیشە دەبڕێنەوە دەبرێنەوە
ئێمەش دەرۆین بەرەو هەوار
بەرەو لوتکەی بەرزی بەهار
ئاوەدانی دەژیێنینەوە
ئالای کوردو کوردستانمان
لە گشت جیهان
بۆ هەتایە دەشەکێتەوە
خاکی جوانی کوردستانم
سەربەخۆیی دەبینتەوە

*

بە یادی شەهید بوونی نەمر عەمەراغای دۆلەمەری قارەمان ئەم هۆنراوەیەم نوسیوەو پێشکەشە بە گیانی پاکی ئەو شەهیدەی هەردەم لە یادمانە.